# عەرەبەكانی مەخمور ...

## دەیانەوێت نوێنەریان هەبێت لە پەرلەمانی كوردستان وە داوا دەكەن مەخمور بگەرێتەوە سەر پارێزگای هەولێر......

### راپۆرتی رزگار كۆچەر

وەك ئێمە داواكارین هەبوو, وەك ئێمەش پێشنیارین دەكرد , تەنانەت هەندیكیان لە كوردەكان زیاتر پیشنیارو داواكاریان هەبوو , ئەوان زۆربەیان بە كوردیەكی زۆر باش قسەیان دەكرد بەڵام ئەوانیش لە ترسی تیرۆو تیرۆرستان وەك پێویست نەیان دەویست بەكەونە بەر زوومی كامیراكان ,ئەوان زۆربەیان سەر بە هۆزەكانی(  تی , مەرحی , سنبس , جەوال , سبعاوی , راشد , نعێمی )  هەندێ هۆزی تریش كە شێخەكانیان نەیان دەویست ناوەكانیان بێت ,  شیخ غازی تائی سەرۆكی هۆزەكانی تی عەرەبی دەلێت ( ئێمە وەك عەرەبە رەسەنەكانی ئەم ناوچەیە كە كۆمەلێك سەرۆك هۆزی عەرەبین لەمێژە لەگەل كورد لەم ناوچەیە دادەنیشین , بۆیە ئێمە دەمانەوێت تەواوی ناوچەكانمان بگەرێتەوە سەر پارێزگای هەولێر چونكە وەك دەزانن هەموو مامەلاتی دەوائیرو دام و دەزگاكانی حكومەتمان لەهەولێرە لەوێش كاروبارەكانان جێبەجی دەكرێت , لەلایەكی تر شێخ غازی دەلێت ئێمە وەك هەقێكی خۆمان پێمان باشە نوێنەری عەرەبەكانی ئەم ناوچەیەش لە ناو پەرلەمانی كوردستان هەبێت چونكە لای شیخ غازی نەتەوی عەرەب لە دێر زەمانەوە  لەم ناوچانە دەژین و بوونی  نوێنەری عەرب لە ناو پەرلەمانی كوردستان مافێكی ئاسایە چونكە لای شێخ غازی ئێستا كوردستان بە شێوەیەكی چاك ئاوەدان كراوەتەوە , هەر بۆیە دەكرێت ئێمەش گەر نوێنەرمان لە پەرلەمانی كوردستان هەبێت ئەوا دەتوانین خزمەتی ناوچەكانی خۆمان بكەین دەنگی هاولاتی عەربی رەستەقینەی ناوچەكە بگەێنینە دەسەلاتی كوردی ).

لە لایەكی تر شێخ حسێن سبعاوی دەلێت ئێمە پێمان وایە كوردستان ناوچەیەكی ئارامەو لەم دوایەش پێشكەوتن چاكی لە رووی ئاوەدان كردنەوە بەخۆوە بینیوە وە ئەم ناوچەیەیی كە ئێمەش لێی دەژین لە هەزار سال پێش ئێستاوە سنورەكەی دەگەرێتەوە سەرپارێزگای هەولێر بۆیە ئێمە دەخوازین ئێمەش وەك عەرەبە رەسەنەكانی ئەم ناوچانە بگەرینەوە سەرپاریزگای هەولێر تا وەك پێویست خزمەتگوزاری بگاتە ناوچەكانی ئێمەش , لەلایەكی تر شێخ حسێن دەلێت ئێمە زۆر خۆشحالین كە دەبینن پارێزگای هەولێر تا ئاستێكی زۆر ئارمەوە و مەشاكیلی ئیراهابی تێدا نیە بۆیە لای شێخ حسێن كورد وعەرەب لە ناوچەیە مێژویكی كۆنیان هیە و دەكرێت هەر دوولا هەمئاهەنگ بین بۆ خزمەت كردن , دوای شێخ حسێن دەلێت ئێمە چەندین سالە لەم ناوچەیە دەژین و كۆمەلێك هۆزی گەورەی عەرەبین و هیچ گرفتمان نەبووە لەگەل كورد ئێستا وەك وتم كە دەبینین كورد دەیانەوێت خۆیان لاپەرەیەكی تازە بكەنەوە ئەوا دەبێت ئیمەش خۆشحال بین و هاوكاری ئەوان بكەین بۆیە شێخ دەلێت ئێمە چەندین جار لە رێگای پارێزگای هەولێرو موسل داوامان كردوە بمان گەرێنەوە سەرپارێزگای هەولێرو لە هەوڵەكانیشمان بەردەوام دەبین تا بە تەواوی دەگەرێنەوە سەر پارێزگای هەولێر, ئینجا شێخ حسێن لە كۆتای دەلێت هەقی خۆمانە لە پەرلەمانی كوردستانیش نوێنەرمان هەبێت كار بۆ ئەوەش دەكەین چونكە وەك زانراوە نوسبەیەكی زۆری عەرەب لەم ناوچانە هەن و ئەم ناوچانەش بەشێكن لە خاكی عێراق بۆیە لای شیخ جسین بونی عەرەب لە پەرلەمانی كوردستان خۆی لە خۆیدا گەرانەوەی متمانەیە لە نێوان كورد وعەرەب

شێخ عبدالرحمان مرحی رەحیم ئەو لە هەموو شێخەكانی تر زیاتر پێشنیاری دەكردوو دەی ویست بە زووترین كات مەخمور بگەرێتەوە سەرپارێزگای هەولێر, بۆیە شیخ هەر زوو گوتی ئاخر ناوچەكانامان هیچ خزمەتگوزاریەكی بۆ نەكراوە نە قوتابخانەمان هەیە نە نەخۆشخانەوە نەشۆستە لای شێخ عبدالرحمان كورد عەرەب لەم ناوچەیە مێژویكی

كۆنیان هەیە , دەربارە گەرانەوەی ناوچەكانیان بۆ سەر پارێزگای هەولێر شێخ دەلێت ئێمە چەندین جار داوامان كردوە بگەرێنەوە سەرپارێزگای هەولێر دواشمان لە جەنابی سەرۆك بارزانیش كردوە كار بۆ ئەم مەسەلەیە بكات ,دوای شیخ دەلێت ئێمە فەخر بە بەعەرب بوونی خۆمان دەكەین و پیشمان عەیب نیە كە عەرەبین وە كوردیشمان خۆش دەوێت وقەت گرفتمان لەگەڵیان نەبوە  هەرچەندە لێرە ئەم جیاوازیە نابینین كە لە نێوان كورد عەرەب هەیەوە بەڵام وەك ئێمە كە عەرەبی رەسەنی ئەم ناوچەیەن خۆشمان بە بەشێك دادەنین لە كوردستان , بۆیە داواكارین بۆ ئەوەی دەنگمان بگاتە دەسەلاتی ئەم ناوچەیە دەكرێت نوێنەرمان هەبێت لە پەرلەمانی كوردستان تا ئێمە هاوبەش بین لەگەل كورد لە هەموو ناخۆشیەك و خۆشیەك . بۆیە چاوەرێی ئەوە دەكەین بەزووترین كات ئەم ناوچانە بە پیێ ی مادەی 140 دەستوری عێراقی چارەسەری ئەو گرفتانە بكرێت و ناوچەكانمان بگەریتەوە سەرپارێزگای هەولێر .

دوایش قائمقامی قەزای مەخمور دەرباری دوای كاری عەرەبەكانی ئەم ناوچەیە بەم شێوەیە قسەی كرد ئێمە دەمێكە ئەنجومەنێكمان لە نێوان كورد عەرب دروست كردوە , ئێستاش ئیمرۆ لەم ئەنجومەنە نزیكەی بیست وپێنج شێخی عەرەبی ئەم ناوچەیە لەگەل هەندێ پیاو ماقاولی كوردی ئەم ناوچەیە كۆمان كردونەتەوە ئەوانیش وەك دەبینن ئارامی ناوچەكەو ئاوەدان كردنەوەی كوردستان بۆتە هۆكارێك بۆ ئەوەی ئەوان بە پەلەتربن بۆ جێبەجێ كردنی مادەی 140 و داوا بكەن مەخمورو ناوچە تەعریب كراوەكان بە زووترین كات بگەرێنەوە سەر پارێزگا هەولێر ..

دەرباری دواكارین بۆ بوونی نوێنەری عەرەب لە پەرلەمانی كوردستان قائیم قامی مەخور دەلێت ئەوان ئەو داواكارییان تەقدیم كردوە تا نوێنەریان هەبێت لە پەرلەمانی كوردستان ...